# دووانەیی بیر کردنەوەی بالا دەستانی کوردوستان

# لە سەر ئاستی کوردوستان و گۆڕەپانی سیاسی عیراق

بلّند فایق نوری
Blendfaiq1962@yahoo.com

بەخۆشحالیەوە هەموو گەلی کوردستان باوەشی نیشتمانی خۆی والا کرد لە بەردەم رووداوە دڵخۆشکەرەکانی سەرفرازی دووای راپەرینە شکۆدارەکانی یەك لە دووای یەکی گەلانی کوردستان بە زەمینە خۆشکردن بۆی لە لایەن هێزە کانی هاو پەیمان بە سەرۆکایەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووای شکست هێنانی سووپای صەدامی خوێن رێژ لە شەری کەنداوی دووەمدا . ئەمە بووە مایە ی هاتنە کایەی دەسەلاتی سەد لەسەد ی کوورد ی لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان وە هروەها هەلبژاردنێکی ئازاد و لە دایك بوونی یەکەم ئەنجومەنی نیشتمانی راستەقینەی کوردی لە ناوچەکەدا کە بووە مایەی ژیانێکی سەد لە سەدی خوازراوی شەقامی کووردی .

ناچینە ناو زۆ ر لە نەهامەتیە کانی ژیانی رۆژانەی ئەو گەلە ستەم دیدەیەوە لە دووای هەلبژاردنەکانەوە و هەروەها فاکتەرە درندانەکانی رژێمی بەعسی سەدامی خوێن رێژ کە هەردەم لە پلان گێراندا بوو بۆ شکست پی هێنانی ساکارترین مافی رەوای میلەتێك لە سەر لێوارەکانی کۆتایی سەدەی بیستەوم کە لەو ساتەدا کەم لە گەلانی جیهان رازی دەبوون بەوجۆرە مافانە بەلام میللەتی ئێمە بە پیر و منالٚ هەرزەکار و ژنو پیاوەوە ئاهنگ و سەمایان دە گێرا .

هەر لە و ساتانەدابوو خۆشی بوو بە رەوێکی ناکاوی بی کۆتایی کە بە خەویش ئەو میلە تە بیدیایە ئە بوو بە دوژمنی چاوی ئەگەر ساتێك وەنەوزی خەوی بدیایە چوو نکە بە راستی رۆژانیکی قێزەوەنی میلەتە کەمان بوو کە هە موو خەونەکانی میلەت لە سا تێکی دەمارگیری دەسەلاتدا بۆ زیاتر پلاماردانی بەش و کورسی و میراتە داراییەکان و فە رامۆش کردنی هەولٚ وئاواتی هەزارەها شەهیدی رێگای سەر فرازی گەل و نیشتمان وە بیٚ بەش کردنی میلەتی لە ساکار ترین مافی بژیوی ژیانی وە سەرف کردنی لە پێشبرکێی بە چەك کردن . دیسانە وە دابە ش کردنی دەسەلات بۆ دوو ناوچەی سیاسیعەسکەری و دەست کردن بە تالان کردنی قووتی ئەو میلەتە بیٚ حەول و قووەتە وە بەکار هێنانی لە پێناو خۆ پر چەك کردن و کورد کوشتندا هە روەها بوونە هۆی تەنها گرنگی دان بە حزب و بە حزبی کردنی هە موو دامودەزگاکان کە مافێکی ئاسایی میلەت بوو لەو ئاستەدا دەبوو بۆ بنیاد نانەوەی شێواوی ژێرخانی دەسەلاتی ئیدارە کە ساڵەهای سال بوو دەینالان بەدەست تەعریب و تەبعیسی بعسەوە. وە بە کار هێنانی بۆ کرینی زۆر ترین ژمارەی دەست و پەنجەی سەر پەلەپیتکەی چەکەکان و دوور کەوتنە وە لە چاودیری دام و دەزگاکان وە هێشتنەوەی ئەو ژێر خانە شێوێنراوە بە وێرانی نە وەکا لەم هەلفرێنە سەر داری ئەو هە روەها چند ین چاو پۆشینی تر و تر. کە ئەمە بووە گەندە ڵیەکی بی وینە و فە رامۆشکردنی هە موو خەونەکانی میللەت وە دوور کەوتنەوە لە بەر پرسیارێتی نیشتمانی دەرهەق بەو خاکو خۆل و ئەو گەلە نەبەردەی سەری بۆ رۆژێك دا نەنەواند لە بەردەم ئەو هەمو زولٚم و زۆزەی فاشێکانی بەعسدا وە ئالاندنی بە شەرێکی ناوخۆی دوور لە هەموو مەرامێکی نیشتمانی .وە گەرانەوە بۆ هەمان سیاسەت تەحەزوبی ئەمجارەیان کورد بە سەر کوردا تەنانەت خستنە ریزی هەرتاکێکی کورد کە سەر بە هیچ بەرەیەکیان نە بیٚ بە دوژمنی گەل و نیشتمان بەلاّم لە سوچی تێروانینی خۆیانەوە نەك لە سەر بنەمایەکی نیشتمانی ئەمەش خۆی لەخۆیدا دیسانەوە تاوانێکی تر بوو کەدەرهەق بە میللەت ئەنجام درا وە بووە هۆی درووست بونەوەی نیمچە دیکتاتۆریەکی ناوخۆیی کوردی پەیرەو کردنی سیاسەتی تاك حزبی و بەش خورانی زۆر لە خاوەن توانا و دروست بوونی جۆرێك لە حالەتی بیٚ هیوایی و نیمچە فەرامۆش کردنی هەستی نیشتمانی لای زۆرینەی کۆمەڵی کوردی . چونکی چەنەها سال بوو تالاّوی ئەو سیاسە تەی ئەنۆشی تاکی کوردی وە دووربوو لە گۆرەپانی خزمەت بۆ بنیات نان لە بەر نەبونی رێکەمۆندی حزبی دیسانەوە کەو تەوە بەسەر همان سیاسەتدا ئەمجارەیان بە جلی کوردێوە .وە درووست بوونی دوو مەجلیسی قیادەی سەورە کە جاران یەکیٚ بوو دەسپێکی گرنگی دان بوو بە دەست و پەنجەکانی جەنگ و پی سپاردنی چەنەها پۆست بەوانە. بۆ هێشتنەوەی هاوسەنگی هێز لە نێوان دوو دەسەلاتی بەشەڕ ها توو سەرەتای لەبیر کردن و تەفرو توناکردنەی هە موو توانا گونجاوەکان بوو کە دەبوو کاریگەرییەکی پۆزەتیفی هەبێت لە بەرێوە بردنی دامو دەزگاکاندا بۆزیاتر خزمەت گەیاندن بەو تا قیکردنەوە ساوا کوردیە لەو ساتەدا ورێگە گرتنێك دەبوو لە بەردەم هەڵفریوانی توانای کوردی کە ئیمرۆ بەهاکەی میلەت دەی دا .دامو دەزگاکانی پیٚ شکست بوو وە بوّتە هۆی ئەو گەندەڵیەی کە ئیمرۆ باسی لێوە دەکرێت و کە لە چەنەها سال لەمەو پێش و ئێستاش پاکتاو لە دوای پاکتاوی دام و دەزگاکان چارەسەری ناکات . جا لێرەدا شتێك بە بیری هەمووواندا دێنمەوە کە زۆر ڕوونە لە بەرچاوە کە ئەم میللەتە نە بەردە خوراگرە کە لە ژێر ستەم و زولمی زالمێکی وەك سەدام و رەگەز پەرستە بەعسیەکاندا رۆژو شەویا ن دەبردە سەر . هیچ رۆژی ئامادە نە بوو جی نەزرگە و خاك و خۆلی نیشتمان چۆل کات و بیفرۆشیٚ بە سیخوران و روو بکاتە ئەو بەهەشتانەی زۆر لە دەسەلاتدارانی ئیمرۆ

لێی ئەیاننۆشی وە ئێستا موزایەدەی پیوە ئەکەن بەسەر میلەت دا . میلەتیش بە تی نەگەیشتوو لە دنیای عەولەمە لە قەڵم ئە دەن لە بەر ئە وەی وەختی خۆی خاك و خۆڵی نیشتمانیان بە جێ نە هێشتووە وە هیچ دنیای پێشکەوتوو نەگەیشتوون .

بەڵام هە زار مەخابن و مخابن هەتا هە تایە . دووای بە کوردی کردنی دەسەلات و ووالابوونی دەرگای هەوولْ کۆشش بۆ بە گەر خستنەوەی توانا دوور خراوەکانی کوردی بۆ وەگەرخستنەوەیان دوور لە سیاسەتی تەبعیس و تەعریب دیسان سیاسەتی تەحزیب و تەسلیح و هەموو شت لە پێناو حزب کەوتە گەرو بووە هۆی دیسان درووست بوونی سیاسەتی کەسی نەشیاو بۆ شوینی شیاو لە پێناو زیاتر کوشتنی رۆڵەی کورد . نەهامەتی لێرەوە دەستی پێکردوو ئەوانەی کە لە ستەم و کوشتن و ناهەقیەکانی رەگەز پەرستانی بەعس رایان نە کرد ئەم جارە لە دەست نەفامی و بی هودەیی لە بەنیشتمانی نە بوونی بازرگانانی شەر بەناچاری خۆیان فەرهود فرۆش کردو خۆیان دایە دەستی قەدەر و روویان کردە ئە ئەو بە هەشتەی کە بە سەریاندا دەفرۆشرا

پێم وایە ئەمە ئەوە دەگەیە نێت کە ژێر خانی دەسە لات و دامو دەزگاکان پتەوی بە خۆیەوە نەدی و هەر بۆ یە گەندەڵی بە دووای گەندەڵی دێتە خواری بێ چارەسەرێکی بنەرەتی. هەر بۆیەشە ئەوە چەند ساڵێکە ئەم دووحیزبە سەرگەرمی یەکخستنەوەی دەسەلاتی کوردین لە نێوان دوو پارێزگادا بی ئەنجامە وەتا دێت گرفتەکان ناڵێم گەورە دەبێت بەلام ئالۆزی تیا دەردەکەوێت چونکە هیچ رۆژێك ئیدارەیەك کە لە سەر دەمارگیری حزبی بنیات نرابێت بی ئەنجام دە بێت لە یەك گرتنەوە و بە یەك گەیشتنی بۆچوونەکان وە توانای لێبووردن تیا لاواز دەبێت لە دەست هەڵگرتن لە زۆر سەلاحیاتی ئیداری و مالیدا . لێرەوە کێشەکانی تەحەزوبی دەسەلات و حکومەت و گەندەڵی دامودەزگا سەر هڵ ئەدات ئەوانەی لە کاتە ناهەموارەکانی بەناچاری بۆ پەیرەوی سیاسەتی هاوسەنگی هێز هەموو دەسەلات و پلەو پایە یەکی دەنۆشی وە سەرەتای دەسپێکی خاوەنداریێتی زۆر سەنتەرە زیندووەکانی بژێوی میلەت بووە وە دەست بە سەرا گرتنی . کارێکی ئاسان نیە ئیمرۆ نە لە پێناوی میللە وە نە لە پێناوی حزب لێی ببورێت .

دیارە سەرەتای هەڵەی مێژوویی لێرە ئەکەوێتە سەر سەرجەم لایەنو حزبەکان کە هیچ رۆژێ ئەوانیش ئەگەر بە دوور خۆراگریش خۆیان دەرخستبێت ئەوا هەر تاوانبارن بە رامبە ئەم هەڵە مێژووییە چوونکە دەبوو بێر لە بە دیلێکی سیاسی ئیداری هاوسەنگ لە مەر درووست کردنی دەسەلاتێکی دوور لە تەحەزوب و دەمارگیری بخوازرایە و فەرز بکرایە بو دوور خستنەوەی قووتی میللەت لە سەرف کلردنی لە پێناو مەرامە حزبیە تەسکەکاندا و دوور خستنەوەی گۆرەپانەکانی ململانێی چەکداری و خۆکوشتن وە توور دانیان بو دوور لە لوتکەی دەسەلات وە نەترسانیان لە کورسی و موچە پێدەرەکانیان وە هەست کردنیان بە ئەرکە نیشتمانیەکە وەگرنگی دان بە توانا و هێزی گەل بۆ بنیات نانی بنەمایەکی ئیداری پتەو .

سەرەرا ئەمانە هەمووی بەشایەتی مێژوو چاوی هەموو گەلەکەمانەوە هەرلەسەرەتای لەدایك بوونی دەسەڵاتە کوردیەکەوە مورکی ناشەرعیەتی بەسەرا سەپێنراو رەورەوەی حکومەتی جەنگ کەوتە کارو ئەم دام و دەزگا شکەست و تا رادەیەك دوور لە مۆرکی نیشتمانی لۆهاتە کایەو بی هێزی و بی خەمخۆریەکی تەواوی خزمەت گوزاری و ئاوەدانکردنەوەی گرتە خۆو تەراتێنی دەستو پەنجەی جەنگ کەوتە کارو رەنگ دانەوەیەکی نێگتیفی تەواوی لەخۆ گرت کە تاکو ئێستا کەوا هیچ توانایەك نە توانی پاکتاوی بنە بری گەندەڵیەکان راگەیەنێت . کە ئە وەش خۆی لە خۆیدا مۆرێکی نگەتیفی شێوازی دەسەلاتە کە بەرچاوەو مەسئولیەتێکی حاشا هەڵ نەگرە لە م ماوە درێژەی دەسەلاتی هەردوو حکومەتی سلێمانی و هەولێر کە بە داخەوە دەڵێم دووای سێزدە چواردە ساڵ هێشتا کارێکی وەهای بەرچاو پێشکەش میللەت نەکراوە بێجگەلە لەو بودجەیەی بریاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك کە ئەویش دەست تێوەردانە نەشارەزاییانەکانیانی زۆر گرتبوە خۆ لە بارەی چاوپۆشین لەکەم تەرخمیەکانی جیبەجی کردنی زۆر لە سەرف کردن و چاودێری ووردی سەرجەم پرۆژەکاندا .

ئەمش ڕوونە وەك دەزانین لەبەر ئەو تاکڕەوی و دەست تی وەردانی نەشارەزایانی بوارە جیا جیا کاندا دوور کەوتنەوەی پسپورە تایبەتمەندەکان لە بوارە جیا جیا کانی سەرجەم سوچەکانی دەسەلات بە هۆی سەرلەنوێتەحزیب کردنەوە کوردیەکە . تەماشات ئەکر کار بەدەستێکی بالا دووای هاتنەوەی لە شاخ بەهۆی پلە حزبیەکەی تەراتینی تەواوی دەکرد لە نێوان وەزارەتەکاندا دەمێك وەزیری فلان وەزارەت و دەمێکی تر وەزیر ئەوی‌دی . کە ئەمە فاکتەرێکی حاشا هەڵنەگرە لەئاستی دوا خستن و کەم تەرخەمی هەڵسوراندنی حکومەتێکدا . ئەوماوە زۆرەی کەباسمان لێوە کرد لە ماوەی دەسەلاتی ئەم جۆرە بەرێوە بردنە بەرونی بۆ گشتی میللە دەر کەوتووە کە نەتوانراوە ساکارترین پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکی دابین بکرێت و جێبەجێ بکرێت وەکو ئاووکارەباو رێگاوبانو زێراب و توانای دەست گرتن بەسەر بازارو هۆکانی هاتو چۆو چەندین کاری خزمەت گوزاری و هتد..........

تەنها ئەو خزمەت گوزاریانە نەبێت کە توزیف کردنی سەرمایەیەکی دیار بۆ راکێشانی دەسکەوتێکی زۆر لە جۆرەها نەوعی فالسۆی سەیارات و موەلیدەو هێلی مۆبایل کردن بە پارەی سەرجەم شوێنە گەشتو گوزاریەکان و تەنانەت شوێنی پێ نەماوە لەو شوێنانەدا لە بەر چەندین پرۆژەی گەشتو گوزاری و میوانخانەکانی کە تەنها کۆمەڵە کسێك خاوەندارێتین و بە رو بوومی دەخۆن و رەوانەی بانکەکانی دەرەوەی دەکەن .

ئینجا بێینە سەر باری دەربرینی نارەزاییەکان و وێرانی دەربرینی ئەمە خۆبەخت کردنێکی گەورەی دەوێت لە میللەت چوونکە ئەویش کورد وەتەنی پیاوی خۆی هیە ریی پیّ دراوە بە شێوەیەکی هە زەلی لە کەناڵکانو رۆژنامەکانی خۆیاندا بە ناسکی باسی لێوە بکرێت بۆئەوەی دڵی خۆیان زۆر نەرەنجێنیّ و نە بێتە بزوتنەوەیەکی میللی میللەت داواکاری بێت دەنا ناو دەنرێت ئەمە مەرامێك و کەسێکی تێکدەرو رووخێنەر لە پشتەوەیە بەم شێوەیە هەموو داوایەکی رەواو لە کەسانێکی دڵسۆز بە خاك و خۆڵ دوور خرێتەوە لە گۆرەپانی دیموکراسیەت و داخستنی سنوری دیموکراسیەت لە چوارچێوەی دەسەلات و دامو دەزگاکانی کە رێگە پێدراون ئەمەش دەسەلاتیکراتیە نەك دیموکراتی .

هەر لێرەوە رووی دەمی داوام ئەکەمە سەرجەم سیاسەت مەندارانی رۆشنبیری ناو هەردوو لایەنی دەسەلات حزبە کوردستانیەکان کە بتوانن واقیعی بەخۆدا چونەوەیەکی نیشتمانیانەچاوپیاخشانەوەیەکی ووریاییانە بە هەموو کەلێنەکانی دەسەلات و دامو دەزگاکاندا بە پە لە بە وویژدانانە فەرز بکەن بۆ دیاریکردنی کەلێنی لاوازی زۆر بە ئەمانەتەوە وە ئاشکراکردنی بۆ میلەت و دوور کەوتنەوە لە بریارەسەروییەکان وە گەرانەوە بۆ هەمە ئاهەنگی میلەت . زیاتر بە روونی رواندنە ئەرکە هەنوکەییەکانی پێویست وە ئاوردانەوە لە توانا ماوەکان و لە دەست چووەکانی دەرەوەی وولات وە زەمینە خۆشکردن بۆ وەگەر خستنە وەی هەستی نیشتمانی و بنیاد نانی بنەما شێواوە ئیداریەکان دوور لە رووانگەی تەسکی حزبی سەربەست کردنی پۆست و ئیدارە حکومیەکان لە تزکیەو پشتگیری حزبی و بەمەدەنی کردنیان. زۆر ستەمە بۆ میللت دەسەلات وا بزانی کە هەر ئەوان دڵسۆزی ئەم خاك وخۆڵەن دووای ئەم هەموو نەهامەتیانەی کە دیویەتی سالانی رابوردوو. زەرورەتێکی مێژوویە گەرانەوە بۆهێزی گەل بە بیّ جیاوازی دوور لە تەسك بینی . چونکە واقیعی ئیمرۆی دەسەلات دوور کەوتۆتەوە لە خاوەنداریێتی هەتاهەتایی تاك حزبی و وە ئبی ئەوە تی بگەن کە میللەت دەنگی رەوای خۆی بەرز کردوّتەوەو گریّی داوە لە فرە بۆچوون و سیاسەتی تداولی دەسەلات و دیموکراسیەت و بە تێکنۆقرات کردنی دەسەلات وە ئە بیّ ئە وە تێبگەن کە هە مە ئاهەنگی یەکێکە لە داوا رەواکانی میللەت .

دوابە دوای ئەم هەمووی دەبیسین لە حکومەتی مەرکەزی دەنگی حەق بەرز دەبێتەوە و باس لە بە حزبی نەبوونی دەسەلاتو بی لایەنی ماف پەروەری لەسەرتاسەری عیراقدا داوا دەکرێت سوود وەرگرتن لە توانای میللەت دوور لە بیری حزبی تەسکەوە تەنانەت بۆ بەعسیەکانیش ئەوانەی تاوانیان نەکردووە راستە ئەمە بۆچونێکی مامناوەندیە بۆبە تێکنۆقراتی کردنی دەسەلات و خزمەت گەیاندنە بە وولاّت باشە ئەی لە کویّ بوون کە سەردێرەکانی دەسەلاتی هەرێمتان دەنوسیەوە وە کەی ئەم بیرو بۆچوونە مۆدێرنانە دەگاتە نێوخۆی دەسەلاتی کوردی .

حەز ئە کەم بڵێم ئەمەی من باسی لێوە دەکەم پەرەکانی پێشوو تازەی بۆ هەڵئەدەمەوە دژایەتی دەسەلات نیە بەڵکو بە بیر هێنانەوەیەکی مێژووە و بە راورد کردنێکی لاپەرە ووردەکانی کە دەمانخوێنەوە لە پێش سەرفرازی و کردارە بینراوەکانی دووای گرتنە دەستی دەسەلاتە ئایا هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتو رەچاو کراوە لە بارەی رەوتی دەسەلاتەوە تەنیا بەرگە کوردیەکە نەبێت کە لە خۆی گرتووە .

چەند پرسیارێك دەمێکە گیری خواردووە لە هناوما دەمەوێت ئاراستەی دەسەلاتی بکەم بەلام هیوام وایە زۆر بە ئەمانەتەوە وەڵام بدرێتەوە . ئایا لە ژێر دەسەلاتی ئەم دوو حکومەتە کوردیەدا هیچ پۆستێکی بەرێوەبەری و بەرەو ژوور . هیچ روتبەیەکی عەسکەری و پۆلیس وئاسایش و تەنانەت گاردی سنوور و هیچ وەزیرێك یان وەکیل وەزیریك یان سروّك بەشیکی زانکۆ سەرۆ ك زانکۆ کان کامیان یەکیکی بی لایە نی لە خۆگرتووە .

تەنانەت لەکاتی ئەنجومەنی گەرەك ئەنجومەنی بەرێوەبەریە کان و لەم دواییانەدا دامەزراندن وە گەرانەوەی خانە نشینەکان ئەگەر حزبی نە بێت . لێرەدا دەڵێم ئەی کەواتە چیمان کردو چیمان بە خۆمان کرد چۆن دووای چەندین سالیتر بۆ نەوەکانمانی بگێرینەوە داستانی دووای سەرفرازی و دروست بوونی کورپەلەی دەسەلاّتی خۆماڵی دووای دانی هەزارەها قوربانی لە پێناو شۆرشی دیموکراسی و سەرفرازیو ئازادی دژ بە دیکتاتۆریەت و تاك رەوی حزبی و عەشایەری .

ئیمرۆ دوای سیّ سال رووخاندنی رژێمی بەعسی سەدامی لە عێراقدا لەلایەن هەمان زلهێزەکانی هاوپەیمانەوە دیسانەوە خەونەکان سەریان هە ڵدایەوەو میلەت دەنگی خۆی دایەوە حکومەتی نیشتمانی و ئەنجومەنی نیشتمانی کەوتە گەر و کە تاکو ئێستا میللەتانی عیراق لە ختوکەی خۆشی تێر نە بوون بە تایبەتی میللەتی کوورد چوونکە ئەوەی کە کورد دەستی کەوتووە وەك بەرێزە گوێمان لێی دەبی دەڵێن خەونێك بوو کە سەدەها سالە کورد تامەزرۆیەتی . بەڵام من لێرەدا دەڵێم ئەمە خەون نییە بەڵکو دەبوایە هەروا بوایە لە وولاتێکدا کە میلەتەکەمان یەکێکە لە نەتەوە سەرەکیەکانی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نیشتمانی عراقیدا.

ئەی باشە کەی ئاورێك لە دەسەلاتی کوردی دە دەنەوەو بیر لە سیاسەتی توانای شیاو بۆ شوێنی شیاو دەکەنەوە دوور لە سیاسەتی بە حزبی کردنی دام ودەزگا حکومیەکان دەکەنەوە دوور لە بەکارهێنانی تزکیەی حزبی و قائمەی حزبی بۆ شوێنە گونجاوەکانی کە توانای ناگونجاوی شکەست داگیری کردووە ئەوسا پیستی بە زوو زوو سیاسەتی پاکتاوکردنی دامو دەزگاکان نامینێت و هە موو بە یەك بازوو دەست دەدەینە بنیادنان و خۆی لە خۆیدا گەندەڵی دەرەوێتەوە.

دیسان دەڵم بەلام ئەمرۆ زۆر به خۆشحالیەوە دەیبیسم کە لیستەکەمان لیستتی کوردستانی لەو حکومەتە نیشتمانیەدا پی لە بە حزبی نەبوونی دامو دەزگا حکومیەکان دا دەگرن تەنانەت لە زۆر حالەتدا دەبێتە هۆی گرژی لە نێوان سەرۆك کۆماری کوردی وە سەرۆك وەزیراندا ئەمە دڵخۆشکەرەیە وە نموونەیەکی زیندووی دیمووکراسیەتە بۆ ژیانێکی داهاتووی عیراقی مۆدیرنی فرە حزب و نەتەوەیی و ئاین و بۆچوونی جیاواز وە هەووڵ دانە بۆ وەگەر خستنی تواناو هێزە نیشتمانیەکان لە عیراقدا بە بی جیاوازی .

ئەم بۆ چوونە مۆدێرنانیەی لیستی کوردی دەری دەخات کە سیاسەسەت مەدارانی دەسەلات لە کوردستاندا دەمێکە لەم راستیە گەیشتوون کە نابێت جیاوازی هەبێت لە دابەش کردنی دەسەلات وپلە وپایە حکومیەکاندا وە ئەمە پاشماوەیەکی قێزەوەنی رژێمی گۆربەگۆری بەعسی سەدامیە .

دەبێت تیٚ گەیشتبن کە میللەت زۆری بری و لە ودنیایە تیگەیشت کە ئێوە باستان لێوە دەکردو میللەتتان بەبیٚ ئاگا لە قەلەم ئەدا لێی دەبێت بزانن کە جام پر بوو ئیتر دنیا پیس ئەکات تاکەی دەستە وەستان دەوەستن لە مەر راستیەکاندا و ئایەتەلکورسی بۆ ئەخوێنن ئە بێت ئە وە بزانن دەبێت هەر ئێبن و هە ر ئێوەش بە خۆتانا بچنەوە چارە سەری بنە رەتی هەموو کێشەکان بکەنو روون تر و مۆدێرنانە تر بروااننە دنیای دەسەلات و وریایانە مامەڵە بە دەرامەت و قووتی میلەتەوە بکن تیٚ بگەن لەوەی کە رژێمی بەعس نەماوە میلەت بتۆقێنی ئیتر میللەت خاوەن مالەو هەموو چوارسالێ جارێك میوانێك بەریٚدەکا نەما زەمنی خاوەنداریێتی هەتاهەتایی خزمت و گەشە پێدانی هێزی گەل و توانای گەل چارەنوسی دەسەلات دیاری دەکات . نەك وەك ئەم جارە لیستی پیشوەخت ئامادەکراوی دەسەلات لە پیناو چارەنووس دیاری کردندا .